

# JULIE OTSUKA

## بوودای ناو هەورەبانەکەی جولی ئۆتسوکا

ئەلیزابێس دەی
لە ئینگلیزییەوە: ئایدیا

ئەم کتێبە گەوهەرێکی بچووکە، رووەکانی هێند بە ئاگاییەوە بـڕاون، کە بە شێوەیەک رووناکییەکی پێبدات، کە رستەکانی لە خەیاڵتدا بدرەوشێنەوە، تەنانەت زۆر دوای ئەوەش کە دوالاپـەڕەت داخستووە. لە رۆمانی بوودای ناو هەورەبانەکەدا، جولی ئۆتسوکا ستایلێکی ئەدەبی کار پێکردووە، کە نیوە-شیعر و نیوە-گێڕانەوەیە – رستەی کورت و وەسفی پوخت، بە جۆرێک ئەو تەوژمی هەست و سۆزەی لە هـەر بەشێکدایە، بە هـۆی شێوازەکەی ئۆتسوکاوە دەنگدانەوەی پتر دەبێت.

ئۆتسوکا ئەو ژنە ژاپۆنیانە دەکاتە بابەتی رۆمانەکەی، کە لە مـاوەی نێوان جەنگە جیهانییەکاندا بە سەدانیان وەکو ‹بووکی پۆست› دەهێنران بۆ سان فرانسیسکۆ. لەبری پاڵەوانێکی تاکی ناسراو، ئۆتسوکا بە راناوی کەسی یەکەمی کۆ، کارەکەی لە زنجیرەیەک بەشدا دەنووسێت، هەریەکەو بە تێمایەکەوە. ئەم ستایلە کە ئەگەری سەرکەوتنی نەبوو، کەچی سەرکەوتوو بـوو. هەرچەندە هیچ کارەکتەرێکی سەرەکی لە رۆمانەکەدا نییە، بەڵام بلیمەتی ئۆتسوکا لەوەدایە، کە دەتوانێت وامان لێبکات نیگەرانی ئەو حەشاماتە بین، ئەمەش دروستـە، لەبەرئەوەی دەتوانین چیرۆکی تاکەکەسی لە تۆێی چینە ناسکەکانی ئەزموونە بەکۆمەڵەکەوە بەدیبکەین.

بەشی یەکەم بە دیمەنی سـەر ئەو کەشتییە دەستپێدەکات، کە ژنـەکـان بۆ ئەمەریکا پێی دەڕۆن، وێنەی ئەو پیاوە گەنجە جوانانەیان بە دەسـتـەوەیـە، کە باوەڕیانوایە دەبـن بە هاوسەریان، بەڵام کاتێک دەگەنەجێ بێئومێددەبن، بە بینینی «کۆمەڵێک پیاو بە کڵاوی چراو و چاکەتی دڕاوی رەشەوە لەسەر شۆستەکە چاوەڕوانن... ئەو وێنانەی نێردرابوون هی بیست ساڵ لەوەو پێش بوون.»

ئـەو واقیعەی ژنـەکـان تێیدەکەون، شۆکێکی هێندە قورسیان تووشدەکات، هەرگیز بە تەواوی لێی قوتارنابن. لە بەشێکی هەژێنەردا بە ناونیشانی ‹شـەوی یەکەم›، ئۆتسوکا باس لە تێکشکانە فیزیکییەکانی ئەم پەیوەندییە نوێیانە دەکات. ئەزموونی هەندێک لە ژنەکان تۆقێنەرە، هەندێکیان وشک و بێهەستن و هەندێکیان پێکەنیناویین، بەڵام ئۆتسوکا هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا ناکات و تەنیا پشت بە ئـاوازی وشەکانی دەبەستێت، بۆئەوەی خوێنەر لەگەڵ خۆی ببات. ناو بە ناو دەنگێکی تاک دەردەکەوێت و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش کاریگەرییەکی باشی هەیە. «ئانیشکیان گرتین و گوتیان ‹ئیتر کاتیتی.› سەرجێییان لەگەڵ کردین، پێش ئەوەی ئامادەبین و خوێن بەربووبێمان تا سێ رۆژ نەوەستا. بە کیمۆنۆ ئاوریشمە سپییەکانمانەوە، کـە بـەسـەر سەرماندا هەڵدرابوونەوە سەرجێییان لەگەڵ کردین و دڵنیابووین کە خەریک بوو دەمردین. وامزانی دەخنکێندرێم.»

هەر بەشێک پـەردە لەسەر لایەنێکی ژیانی کۆچبەران هەڵدەماڵێت– دەستکەوتنی کار، منداڵبوون، مامەڵەی رەگەزپەرستانەی ئەمەریکای پێش جەنگ لەگەڵیاندا («فێربوون هەمیشە بـۆ خـواردنـگـە پێویستە پێشتر تەلەفۆن بکەن. خواردن بە ژاپۆنی دەدەن؟»). منداڵەکانیان گەورە دەبن و لە دایک و باوکیان پتر لەگەڵ وڵاتە نوێیەکەیاندا رادێن: ناویان دەگۆڕن، تا پتر وەک ئەمەریکایی دەرکەون، گاڵتە بە شێوازی قسەکردنی دایکیان دەکەن. هەندێک لە هاوسەرگیرییەکان سەردەگرن و هەندێکیشیان نەخێر.

ئینجا دوای هێرشەکەی سەر پێرڵ هاربەر، فەرمانی راگواستنی ژاپۆنییەکان دەردەچێت. کۆمەڵگەکەیان بە گشتی ڕادەگوێزرێن، ناچار دەکرێن واز لە ژیان و ماڵ و حاڵیان بێنن. لێرەدایە کە ئۆتسوکا دواجار ناو بە ژنەکانی دەبەخشێت: «ئییۆ کە رۆیشت کاتژمێرێکی زەنگدار لە بنی جانتاکەیدا زەنگی لێدەدا، بەڵام نەدەوەستا بیکوژێنێتەوە. کیمیکۆ کە رۆیشت جزدانەکەی لەسەر مێزی مەتبەخەکە جێهێشتبوو، بەڵام بیرینەکەوتەوە و کاتێک بیریکەوتەوە ئیتر زۆر درەنگ بوو. هاروکۆ کە رۆیشت بوودایەکی دەم بەپێکەنینی بچووکی مسی لە سووچێکی هەورەبانەکەدا جێهێشت و تا ئەمڕۆش لەوێدا پێدەکەنێت.»

ئەم تاککردنەوە لە ناکاوە زۆر کاریگەرە، بە تایبەتی کاتێک لە بەشی کۆتاییدا دەنگە بە کۆمەڵەکەی ئۆتسوکا لە دەنگی ژاپۆنییەکانەوە دەگـۆڕێـت بـۆ دەنـگـی ئەمەریکاییەکان: «ژاپۆنییەکان لە شارۆچکەکەمان دیارنەماون. ئێستا ماڵەکانیان داخراون و چۆڵن.»

بـوودای نـاو هەورەبانەکە، رۆمانێکی شاعیری و هەژێنەر، کتێبێکی بچووکە بە هێزێکی گەورە و نەبڕاوەوە.

http://www.theguardian.com/books/2012/apr/08/buddha-in-attic-julie-otsuka-review